نمونەی من وئێوە وەکو نمونەی پیاوێکە ئاگرێکی هەڵکردبێت ومێرووەکان لە دەوری کۆببنەوە وبکەونە ناوی، وپیاوەکەش ئەو مێروانە لە ئاگرەکە دووربخاتەوە، ومنیش جلەکانتان دەگرم بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ئاگرەکەوە بەڵام ئێوە لە دەستی من خۆتان دەردەکەن

لە جابری کوڕی عبداللە وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی من وئێوە وەکو نمونەی پیاوێکە ئاگرێکی هەڵکردبێت ومێرووەکان لە دەوری کۆببنەوە وبکەونە ناوی، وپیاوەکەش ئەو مێروانە لە ئاگرەکە دووربخاتەوە، ومنیش جلەکانتان دەگرم بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ئاگرەکەوە بەڵام ئێوە لە دەستی من خۆتان دەردەکەن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە حاڵی ئەو لەگەڵ ئومەتەکەی وەکو حاڵی پیاوێکە لە دەشتاییەکدایە، ئاگرێک دەکاتەوە ومێرووەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە وخۆیانی تێ فڕێ دەدەن؛ چونکە ئەمە خووی پەپولە وپەخشە ومێروو بچوکەکانی تڕە بە هۆی حەزکردنیان لە گەرمی وڕۆشنایی خۆیانی تێ فڕێ دەدەن لە نەزانیندا، ئەگەر مرۆڤ ئاگر بکاتەوە لە دەشتاییەک؛ ئەوا ڕێ دەگرێت لەوەی مێرووەکان خۆیانی تێ فڕێ بدەن، بە هەمان شێوە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت منیش ڕێگری لە ئێوە دەکەم کە خۆتان فڕێ بدەنە ناو دۆزەخەوە ودەتانگرم، بەڵام ئێوە لە دەستی من خۆتان دەردەکەن وئەمیش بە هۆی پێچەوانەکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4970